خەزەڵی و حەلبوسی جەخت لەسەر خەراکردنی پێکهێنانی حکومەت و پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی دەکەنەوە

ئەمڕۆ هەینی "قەیس خەزەڵی" ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهل حەق و "محەمەد حەلبوسی "سەرکی هاوپەیمانیی تەقەددوم، جەختیان لە گرنگیی پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت و پتەوکردنی سەقامگیریی سیاسی کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلولحەق، کە دەستی ئاژانسی موتەڤەع کەوتووە،تیایدا ئاماژەی بەوە داوە : کە "شێخ قەیس خەزەڵی " ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلولحەق،لە نووسینگەکەی خۆی لە بەغدا پێشوازیی لە "محەمەد حەلبوسی "سەرکی هاوپەیمانیی تەقەددوم کرد.

ڕاگەیەندراوەکە ئەوەشی خستەڕوو : کە لە میانی دیدارەکەدا پێرەزباییان لە یەکتری کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان و ستایشی ئاستی بەشداریی فراوانیان کرد کە ڕێنگدانەوەی هەشیاریی شەقامی عەراقی بوو، هەروەها ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون وەستگەیەکی گرنگن بە چەسپاندنی ڕەوتی دیموکراسی و بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە دامەزراوە دەستوورییەکان.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە ، هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر "پێویستیی خەراکردنی هەنگاوەکانی پێیوەست بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بە شێوەیەک کە لەگەڵ تەحدییەکانی قۆناغی ئێستادا بگونجێت و دەستنیشانکردنی کەسایەتیەک کە خاوەن لێهاتوویی و توانای بەڕێوەبردنی دەسەڵ نیشتمانییەکانی

هەبەت، هەروەها پەلەکردن هەکارەکی سەرکیینە بە پتەوکردنی سەقامگیری و بەدیهێنانی خواستەکانی هاووەاتیی عەراقی.